ASUDA
Empower Women to Lead

CEASEFIRE
centre for civilian rights



# ژیانە داروخاوەکان:
# توندوتیژی دژی ژنان و کچانی ئاوارەی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

© سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان و ڕێکخراوی ئاسودە ئازار ٢٠١٨

ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری دارایی (صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان) ئامادەکراوە. ناوەرۆکەکانی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەرپرسیاریێتی لایەنی بڵاوکەرەوەیە و ناکرێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بە ڕەنگدانەوەی پێگەی صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان هەژمار بکرێت.

**سەنتەری سیسفایەر (وەستاندنی ئاگر) بۆ مافە مەدەنییەکان**

سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنییەکان دەستپێشخەرییەکی تازەیە بۆ گەشەپێدانی ڤچاودێرییەکی پێشرەویکراو لەلایەن خەڵکانی مەدەنییانیەوە؟ بۆ پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی یان مافەکانی مرۆڤ، بەمەبەستی لێپرسینەوەی یاسایی و سیاسی ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لەم جۆرە پێشێلکاریانە، هەروەها بۆ گەشەپێدانی پراکتیزەکردنی مافە مەدەنییەکان. سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنییەکان وەک دەزگایەکی خێری و کۆمپانیایەکی سنوردار تۆمارکراوە بە گرەنتیی لەژێر سایەی یاسای ئینگلیزی ڕێکخراوە خێرخوازیەکان ؛ ژمارەی ١١٦٠٠٨٣، یاسای کۆمپانیا سنووردارەکان ؛ ژمارە ٩٠٦٩١٣٣.

**ئاسودە**

ئاسودە ڕێکخراوێکی ناحکومی قازانج نەویستە کە لە ٢٠٠٠/٨/٢١ دامەزراوە. دیدی ئاسودە بریتییە لە دنیایەک کە ئافرەت تیایدا بە کەرامەتەوە بژی و توانای مومارەسەکردنی مافی یەکسانی هەبێت و دەستی بە سەرچاوەکان و هەلەکان بە شێوەیەکی یەکسان بگات ، کە تیایدا هەموو جۆرەکانی جیاکاری و پشتگوێخستن دژی ئافرەتان کۆتایی پێبهێنرێت، کە توندوتیژی جێگایەکی نەبێت لە ژیانی ئافرەتاندا. ئاسودە هەوڵدەدات کە ژینگەیەکی ئارام فەراهەم بکات بۆ ئافرەتان، بە دوور لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کەتیایدا بەمافەکانیان شاد بن و ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا بەجێ بگەیەنن. سوودمەندبن لە دەقەیاساییەکان. ئاستی هوشیاریان بەرز ببێتەوە و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، هەروەها پێشەنگی بەرنامەکانی گەشەپێدان بکەن کە سود بە کۆمەڵەکانیان بگەیەنێت.

نووسینی مریەم پوتیک

نەخشەسازیی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن (ستاشا سوکیک)ەوە کراوە.

بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە دەکرێت بەکاربهێنرێتەوە بۆ مەبەستی فێرکاری یان هەرمەبەستێکی تری قازانج نەویست، بە سەرچاوەڕێزیی پێویستەوە. هیچ بەشێک لە ڕاپۆرتەکە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێتەوە بۆ مەبەستی بازرگانی بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختی ئەولایەنانەی کە مافی بڵاوکردنەوەیان هەیە… ئەم ڕاپۆرتە لە ئازاری٢٠١٨ دا بڵاوکراوەتەوە.



وێنەی بەرگ:
هەولێر، عێراق: ژنێکی بەساڵاچوو دانیشتووە لەسەر بەرزاییەک و تەماشای خێوەتەکان دەکات لە کامپی کاوێرگۆسکی پەنابەرە سوریەکان، دیسەمبەر ٢٠١٣.

© بەباک سیدیقی/پانۆس پیکچەر

# خشتەی ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | 4 |
| ٢ | پێشینەیەک لەسەر ئاوارە سورییەکان لە هەرێمی کوردستان | 8 |
| ٣ | شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنان وکچانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان | 11 |
| ٤ | وەڵامدانەوەی دامەزراوەیی وفەرمی بۆ توندوتیژی جێندەری | 19 |
| ٥ | کۆتایی و پێشنیارەکان | 23 |

# 1

# پێشەکی

**پەیوەندیی هەیە لەنێوان ناکۆکی و ئاوارەبوون لە سەرتاسەری جیهان لەلایەک وزیادبونی توندوتیژی جێندەری لەلایەکی ترەوە، لەناویاندا توندوتیژی هاوبەشی نزیک، وتوندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێکانەوە، و بەشودانی منداڵ، وهەراسانکردنی سێکسی، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، و هەموو جۆرەکانی تری توندوتیژی.**

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەسەر ئاستی جیهان، هەر یەکێک لە سێ ئافرەت ڕوبەڕووی توندوتیژی جێندەری بۆتەوە.[1] لە کاتێکدا هەموو جیهان کاریگەرە بە توندوتیژی جێندەری، بەڵام ململانێکان بەشێوەیەکی تایبەت هۆکارن بۆ زیادبوونی شێوازەکانی توندوتیژی.[2]

سەرهەڵدانی ململانێکان لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١ەوە هۆکاربووە بۆ گەورەترین کارەساتی مرۆیی و ئاوارەبوون لە کاتی ئێستدا.[3] هەروەک لە مانگی (٢ ی ٢٠١٨)دا زیاتر لە ٦.١ ملیۆن سوریی لە ناوخۆدا ئاوارەبوون، هەروەها زیاتر لە ٥.٦ ملیۆن لەدەرەوی وولات داوای پەنابەرییان کردووە.[4] زۆرینەی پەنابەرە سوریەکان لە پێنج وولات نیشتەجێبوون: تورکیا، لوبنان، ئەردەن، میسر و عێراق. بەگوێرەی ڕاپۆرتی UNHCR لەسەر توندوتیژی جێندەری لە بارودۆخی پەنابەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفەریقا، فپەنابەرەکان– بەتایبەتی ئافرەتان و کچان– ڕووبەروی زیادبوونی مەترسی توندوتیژی، سوکایەتی پێکردن و هەلپەرستی دەبنەوە لەگەڵ درێژەکێشانی دەربەدەربونیان.؟[5]

عێراق لەکاتی ئێستادا نزیکەی ٢٤٧،٠٥٧ ئاوارەی سوریی لەخۆگرتووە، کە زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستانن وپێشوازیکردن لەم ژمارە زۆرەی پەنابەر لە لایەن هەرێمی کوردستان وەک نمونەیەکی جوان بۆ هەرێمەکە دەبینن. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی نشینگەی بە پەنابەرەسوریەکان بەخشیوە کە ڕێگەیان پێدەدات کاربکەن و لە خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تەندروستی و خوێندن سوودمەند بن. زۆرێک لە ئاوارە سورییەکان کاریان دۆزیوەتەوە لە ناوخۆدا ئەمەش بەهۆی نزیکی زمان و کەلتوریان لەگەڵ کوردانی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەم دەستپێشخەریە ئەرێنیانە، لەگەڵ ئەمانەشدا توندوتیژی جێندەریی یەکێکە لە کێشە بنەڕەتیەکانی ژنان و کچانی پەنابەر لە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەساتەکەوە. توێژینەوە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە زۆرێک لە ژنان و کچانی پەنابەر هەست بە نائارامی دەکەن بەهۆی بەرزی ڕێژەی هەراسانکردنی سێکسی وهەلپەرستی، بەرزبوونەوەی توندوتیژی هاوبەشی نزیک و بڵاوبونەوەی بازرگانی سێکسی و هاوسەرگیری بەزۆر لە کەمپەکاندا.[6]

لەساڵی ٢٠١٤ ەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی روویداوە لە بارودۆخی ئابوریی و سیاسی و ئەمنی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. دەستگرتنی

داعش بەسەر بەشێکی زۆری خاکی عێراق لە ٢٠١٤ دەدا هۆکاربوو بۆ دەربەدەربوونی نزیکەی ١.٥ ملیۆن هاوڵاتی و هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. لە هەمان کاتدا ئابووری هەرێمی کوردستان روبەڕووی قەیرانێکی بەهێز بوویەوە بەهۆی ناکۆکیەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، دابەزینی نرخی نەوت و دابەزینی ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی. هەریەک لە حکومەت و ڕێکخراوە مرۆییەکان چالاکەکان تێکۆشان بۆ بەدەمەوەچوونی پێداویستیە هەنوکەییەکانی هەردوو ئاوارە و پەنابەران لەژێرباری کەمی سەرچاوەکاندا. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر باروگوزەرانی پەنابەرە سوریەکان هەبوو بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی گوزەرانی ژنان و کچان.

ئەم ڕاپۆرتە لە شێوازە هەنووکەییەکانی توندوتیژی دەکۆڵێتەوە کە ژنان و کچانی سوریی ڕوبەڕووی بوونەتەوە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا. ڕاپۆرتەکە دەریدەخات ئەو فشارانەی پەیوەندیان بە ڕاگوێزران و خراپتربوونی بارودۆخی ئابوری پەنابەرانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، هۆکاربوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی خێزانی لە ناو ئاوارە سوریەکاندا. بە تایبەتی، توندوتیژی هاوبەشی نزیک کە لە بەرزبوونەوەدایە لەگەڵ ئەوەی کە شێوازەکانی تری توندوتیژیی ناو خێزان هەر بەربڵاون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەراسانکردنی سێکسی و هاوسەرگیریی پێشوەخت لە دیارتریین بابەتەکانی نیگەرانیین.

سەرەڕای کارکردنی بەردەوامی ڕێکخراوەکان ودەسەڵاتداران لەسەر پەنابەران لە هەرێمی کوردستان وگرنگیدانی تەواو بە ڕێگریکردن لە توندوتیژی جێندەری لە بەرنامەی کارکردنیاندا، ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە زۆرینەی ئەو ژن وکچە ئاوارە سوریانەی ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە هەڵناسن بە ڕیپۆرتکردنیان یاخود داواکردنی هاوکاری لە ڕێکخراوەکان یان دەسەڵاتی پەیوەندیدار. ئەمەش نیشانی دەدات کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان مەبەستە دیاریکراوەکان ومیتۆدەکانی ڕێگریکردن لە توندوتیژی جێندەری لە لایەک، وراستی بارودۆخی قوربانیانی توندوتیژی لە لایەکی ترەوە.

دۆزینەوەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە بنەڕەتدا پشتی بە ئەزموونی کەسیی ژنان وکچانی سوری خۆیان بەستووە. سەرباری دەستنیشانکردن وشیکردنەوەی شێوازە سەرەکیەکانی توندوتیژی کە ژنان و کچانی سوریی ڕوبەڕووی دەبنەوە، ڕاپۆرتەکە هەوڵدەدات کە بۆشایی وکەموکورتی ئەو خزمەتگوزاری و چارەسەرانەش دەستنیشان بکات کە لە ئێستادا بەردەستە بۆ قوربانییەکان، هەروەها پێشنیاری باشکردنیان پێشکەش بکات.

## میتۆدی کارکردن

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پرۆژەیەکی دوو ساڵی کە لە لایەن ڕێکخراوی ئاسودە و سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان بە هاوکاری دارایی صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتایهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان جێبەجێدەکرێت. ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە بەرەوپێشبردنی گوزەرانی ژنان وکچانی ئاوارەی سوریە لە هەرێمی کوردستان کە ڕووبەڕوی توندوتیژی سێکسی وجێندەری دەبنەوە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکیی توێژینەوەیی وداکۆکیکردن وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وخزمەتگوزاریی پشتگیریکردنەوە.

ئەم ڕاپۆرتە توێژینەوەیەکە بە میتۆدێکی ئاوێتە کە پشتی بە هەردوو سەرچاوەی سەرەکی ولاوەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە. کۆکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکان لە

ماوەی چوار مانگدا ئەنجامدراوە ؛ لەنێوان ئەیلولی ٢٠١٧ و کانونی دووەمی ٢٠١٨. تیمێک لە شەش توێژەری مێینە کە لەلایەن ئاسودەوە مەشقیان پێکرابوو چاوپێکەوتنی قوڵیان لەگەڵ ٩٢ ژن وکچی سوریی ئەنجامداوە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە لەو کاتەوەی کە گەیشتونەتە هەرێمی کوردستان. چاوپێکەوتنەکان لە هەرسێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی ودهۆک ئەنجامدراون. جیاواز لە زۆرێک لە توێژینەوەکانی تر بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە زانیاری کۆکراوە لە نێو کەمپەکاندا بەستوە، چاوپێکەوتنەکانی ئەم راپۆرتە لە ناو کەمپ ودەرەوەی کەمپیش ئەنجامدراون، ئەوانەی دەرەوەی کامپەکان لەو شوێنانەدا ئەنجام دراون کە زۆرینەی پەنابەرە سوریەکان نیشتەجێی بوون.

توێژەرەکانی ئاسودە چەندین ستراتیژی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردن وزانینی شوێنی قوربانیانی توندوتیژیی. لەدەرەوەی بارودۆخی کەمپەکان، توێژەرەکان لەگەڵ موختارەکان کاریانکردووە بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەیان وتێگەیشتن لە مەبەستی ڕاپۆرتەکە وگەیشتن بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەوژنە سوریانەی کە چاوپێکاوتنیان لەگەڵدا کراوە توانیویانە توێژەرەکان بنێرنە لای ئەو ژنانەی تری کۆمەڵگەکە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە. لەحاڵەتەکانی تردا، ئەو ژنانەی کە سەردانی ئۆفیسەکانی ئاسودە یان سەنتەرەکانی گوێگرتنیان کردووە، وداوای یارمەتی یاسایی وجۆرەکانی تری هاوکاریان کردووە، دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا وەربگیرێن. ناوی هەموو ئەو ژن وکچانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە گۆڕدراوە بەمەبەستی پاراستنیان.

کۆکردنەوەی ئەو داتا لاوەکیەکیانەی لە میانەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەنجامدراوە، خۆی دەبینێتەوە لە چاوپێداخشاندنەوەی داتا وزانیاریی بەردەست لەسەر شوێنی نیشتەجێبون وباری ئابوری وکۆمەڵایەتی ئاوارە سوریەکان لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەموو ئەو بابەتانەی کە بڵاوکراونەتەوە لە لایەن سەرچاوەی حکومی وڕێکخراوە حکومی وناحکومیەکانەوە کە زانیاری تێدا بوو بێت دەربارەی ستراتیژەکانی ڕێگرتن لە توندوتیژی جێندەری وهەموو ئەو پرۆگرامانەی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێکراون لەم بوارەدا، هەموو ئەوانە لە نوسینی ئەم ڕاپۆرتەدا پەنایان بۆ براوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە دۆزینەوەکانی ئەو توێژینەوانەش دەکات کە پێشتر لەسەر توندوتیژی جێندەری دژی ژنان وکچانی سوریی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون.

## ئاستەنگ وسنووربەندیەکان

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر توندوتیژی جێندەری ڕوبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە بەهۆی ئاڵۆزیی وهەستیاری بابەتەکەوە. هەندێک لەو ئاستەنگانەی کەریگەریان لەسەر کۆکردنەوەی داتای ئەم ئەم رپۆرتە هەبووە بریتیین لە:

- **قەدەغەکراوەکان و لەکە (حەیاچوون)ی کۆمەڵایەتیی**: زۆرێک لە ژنان نەیاندەویست بە ئاشکرا قسە بکەن لەسەر ئەزموونی خۆیان لەسەر توندوتیژی جێندەری، بە تایبەتیش توندوتیژی سێکسی. توێژەرەکان ڕێزی مافی ئەو ژنانەیان دەگرت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردن لەوەی ئاخۆ دەخوازن چەند لەو زانیاریانەی دەیخەنە روو بە نهێنیی بمێنێتەوە یان ئاشکرا بکرێت. سەرەنجام، کەمیی ڕێژەی ئەو توندوتیژییە سێکسییەی باسکراوە لەلایەن ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەل کراوە، ناکرێت وا خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە ئەو توندوتیژییە روونادات، یان وەک ئەوەی ئەو زانیاریانەی لەسەر توندوتیژی جێندەری لەم راپۆرتەدا دەخرێنە ڕوو بریتی بن لە کۆی هەموو ئەو زانیاریەی کە لەو بوارەدا هەیە.
- **ماندوبوونی چاوپێکەوتوان**: بەشێک لە ژنان وکچانی پەنابەری سوری هەستیان بەوە دەکرد کە ڕێکخراوەکان زۆر پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریان ئەنجام داوە بەڵام ئەوان بەدەگمەن دەرەنجامی ئەرێنیان بینیوە. لەدەرەنجامدا، سەرەڕای ئەوەی کە توێژەرەکان مەبەستی سەرەکی ڕاپۆرتەکەیان ڕوون دەکردەوە بۆبەشداربوان وزانیاری تەواویان لەبارەی ئەو خزمەتگوزاریە یارمەتیدەرانەوە پێ دەدان کە بەردەستە بۆیان، بەڵام هەندێکیان هەستیان بەوە نەدەکرد ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە هیچ سودێکیان پێ بگەیەنێت.

- **لاوازیی ئابووری**: زۆرێک لە پەنابەرە سوریەکان لە بارودۆخێکی ئابوری ناهەمواردان، هەموو بیرکردنەوەیەکیان بۆ ئەوەیە کە پێداویستی مانەوەی ڕۆژانەیان دابین بکەن. لە دەرەنجامدا، هەندێک لە کچ و ژنەکان ئارەزووی بەشداریکردنیان لە چاوپێکاوتنەکاندا نەبوو پاداشتێکیان پێنەدرایە ( لەبەر هۆکاری ئەخلاقی پیشەیی، پاداشتێکی ماددی بۆ هیچ کام لە بەشداربوانی توێژینەوەکە دابین نەکرا).

- **ئامادەبوونی کەسوکاری نێرینە**: بەهۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری، زۆرێک لە پیاوانی سوری کاتەکانیان لە ماڵەوە بەسەردەبەن. لەدەرەنجامدا، کارێکی ئاسان نەبوو دەرفەتی چاوپێکەوتن ڕێک بخرێت لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژیدا بەبێ ئەوەی کەسوکارێکی نێرینەیان لەو شوێنەدا بێت، بەتایبەتی لەشوێنەکانی دەرەوەی کەمپەکاندا. کاریگەریی ئەم ئاستەنگە کەمکراوەتەوە بەوەی ژمارە تەلەفۆنێکی تەرخانکراوی تیمی توێژەران بەو ژنانە دراوە بۆ ئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەن کاتێک بە تەنها دەبن، هەروەها بە دابینکردنی شوێنی تایبەت بە چاوپێکەوتن لە ژینگەی کەمپەکەدا.

# 2

# پێشینەیەک لەسەر پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**پەنابەرە سوریەکان بۆیەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتنە عێراق، کە فراوانترین شەپۆلی ڕاگوێزرانیان لەساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بوو. زۆرینەی پەنابەرە سوریەکانی عێراق بریتین لە کوردەکانی پارێزگای حەسەکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، هەرچەندە دانیشتوانێکی زۆریش لە پارێزگاکانی دیمەشق و حەلەبەوە روویان کردە کوردستان.**

---

بەگوێرەی داتاکەنی کانونی یەکەمی ٢٠١٧ ی UNHCR ، لە ئێستادا نزیکەی ٢٤٧،٠٥٧ پەنابەری سوریی تۆمارکراو لە عێراق هەیە (لەسەدا ٥٣ ونیو لەرەگەزی نێرینە و لەسەدا ٤٦ ونیو مێینەن). لە کۆی ئەم ژمارانە، ٢٣٨،٩٤٧ (لەسەدا ٩٧)ی لە هەرێمی کوردستان دەژین. نزیکەی لەسەدا ٦٣ لە پەنابەرە سوریەکان لەدەرەوەی کەمپەکان ژیان بەسەر دەبەن لە ناوچە شارنشین ونیمچەشارنشین ولادێکاندا. لەسەدا ٣٧ ەکەی ترنیشتەجێن لە دە کەمپی جیاوازی پەنابەرەکان کە ئەوانیش بریتین لە: دۆمیز ١ و ٢ ، دارەشەکران، کەورگۆسک، عەربەت، قوشتەپە، باسیرمە، ئاکرێ و گاویلیان.

سەرەتای هاتنە ناوەوەی پەنابەرە سوریەکان لە بارودۆخێکی ئابوری تاراددەیەک جێگیردابوو کە ئابوری کوردستان لە گەشەکردندا بوو و پەنابەرە سوریەکان پێشوازیەکی ئەرێنیان لێکرا لە لایەن حکومەتی هەرێم وکۆمەڵگەی خانەخوێوە. حکومەتی هەرێم مۆڵەتی نشینگەیی بەخشیە زۆربەی سوریەکان کە ڕێگەیدان کاربکەن.[7] زۆرێک لە پیاوانی سوری توانیان کاربدۆزنەوە لە کەرتی بیناسازی، کڕین وفرۆشتن وگەشتوگوزار وهەندێجار بەهۆی توانا ولێهاتویی وئاکاری پیشەییانەوە خاوەن کارەکان بۆیان دەگەڕان.[8] هەندێکی تریان کاری بچوکی بازرگانی تایبەت بە خۆیان دادەنا لە ناو کەمپەکاندا.[9] لەگەڵ ئەمانەشدا، پەنابەرەکان ڕێگەپێدراو نەبوون کە ببنە خاوەنی زەوی و زار یاخود کارە بازرگانیەکانیان بە ناوی خۆیانەوە تۆماربکەن لەدەرەوەی کەمپەکان.[10]

دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕێگەیاندا کە پەنابەرە سوریەکان مافی سودمەندبونیان هەبێت لە کەرتی تەندروستی وخوێندن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین هۆکار ئاستەنگبوون لە دەستگەیشتنی پەنابەرە سوریەکان بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وەک دووری ونرخی خزمەتگوزاریەکان.[11] ئامادەبوون لە خوێندنگاکان ڕێگریی هاوشێوەی هەبوو، زۆرێک لە دایک وباوکی خوێندکارەکان نەیاندەتوانیی خەرجی گواستنەوەی منداڵەکانیان بگرنە ئەستۆ بەرەو

خوێندنگە دوورەکان.[12] زمانیش ئاستەنگێکی تر بوو لەبەر ئەوەی ئەگەرچی منداڵە سوریەکان لەماڵەوە بەکوردی قسەیان دەکرد بەڵام بە زمانی عەرەبی لە سوریا دەیانخوێند ، لەحاڵێکدا کە خوێندن لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردیە.[13]

ساڵی ٢٠١٤، بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا گۆڕانکاری بەسەرداهات. یەکەم، بەشە بودجەی لەسەدا ١٧ ی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە وەستێنرا بەهۆی ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوانیانەوە. ئەم بەشەش مەزندە دەکرا بە ١٢ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا یاخود لەسەدا ٨٠ ی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجبوونی خەرجیە گشتیەکان.[14] دووەم، دەستگرتنی داعش بەسەر موصل وبەشێکی زۆری خاکی عێراقدا بووە هۆی راگوێزرانی نزیکەی ١.٥ ملیۆن عێراقی و رووکردنە هەرێمی کوردستان، کەئەمەش بوە هۆی زیادبونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە رێژەی لەسەدا ٣٠.[15] لە کۆتاییدا، دابەزینی خێراو لە ناکاوی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان وگرتنی رێگاکانی گەیشتنی کۆمەک بەهۆی ململانێ لەگەڵ داعش، ودابەزینی لە ناکاوی وبەرهێنانی بیانی بوونە هۆی کاریگەریی نەرێنیی زیاتر لەسەر ئابووری.[16] بەهۆی ئەم قەیرانانەوە گەشەی ئابووری لە رێژەی لەسەدا ٨ وە دابەزی بۆ لەسەدا ٣ لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ .[17] و رێژەی هەژاری بەرزبوویەوە لە سەد ٣.٥ لە ٢٠١٢ بۆ لەسەدا ٨.١ لە ساڵی ٢٠١٤.[18]

ئەم گۆڕانکاریانەی سەرەوە کاریگەری زۆر نەرێنی وخراپیان هەبوو لەسەر گوزەرانی پەنابەرە سوریەکان. هاتنی داعش سەرنجی زۆرێک لە دەزگا خێرخوازیی وبەخشەرەکانی راکێشا بە مەبەستی داڵدەدانی ئەوژمارە زۆرەی ئاوارەکان کە دەگەشتنە عێراق، کێبڕکێ لە نێوان راگوێزراو وپەنابەراندا زیاد بوو بۆ گەیشتن بە دەرامەت

خشتەی ١: نیشتەجێبوونی پەنابەرە سوریەکان بە گوێرەی پارێزگا

| شوێن | ژمارەی نیشتەجێبوون |
|---|---|
| **پارێزگای هەولێر** | |
| کەمپی دارەشەکران | 11,608 |
| کەمپی قوشتەپە | 7,900 |
| کەمپی کەورگۆسک | 7,951 |
| کەمپی باسیرمە | 3,112 |
| **کۆی کەمپەکان:** | **30, 571** |
| **کۆی دەرەوەی کەمپەکان:** | **90,126** |
| **کۆی گشتی:** | **120,697** |
| **پارێزگای دهۆک** | |
| کەمپی دۆمیزی ١ | 32,592 |
| کەمپی دۆمیزی ٢ | 9,895 |
| کەمپی ئاکرێ | 1,173 |
| کامپی گاویلیان | 8,607 |
| **کۆی کەمپەکان:** | **52,267** |
| **کۆی دەرەوەی کەمپەکان:** | **34,367** |
| **کۆی گشتی:** | **86,634** |
| **پارێزگای سلێمانی** | |
| کەمپی عەربەت | 8,722 |
| **کۆی کەمپەکان:** | **8,722** |
| **کۆی دەرەوەی کەمپەکان:** | **22,894** |
| **کۆی گشتی:** | **31,616** |

سەرچاوە: UNHCR، کانونی یەکەم ٢٠١٧

وهەلی کار.[19] نرخی خواردن وکالاّ وشتومەک زۆر ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد.[20] کەرتی خانووبەرە کە زۆرێک لە پەنابەرە سوریەکان کاریان تێدا دەکرد بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە قەیرانەکە کاریگەربوو و زۆرێک لە کۆمپانیا بچوکەکان مایەپوچ بوون.[21] داخوازی لەسەر دەستی کار دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە سێکتەری خزمەتگوزاری وسێکتەرەکانی تریشدا.[22] بە گوێرەی هەڵسەنگاندنێک کە ساڵی ٢٠١٤ لە کەمپی پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدرا، ڕێژەی لەسەدا ٤٧ ی ئەوانەی وەڵامیان دابوویەوە باسیان لەوە کردبوو کە هیچ سەرچاوەیەکی داهات یان پارەی کاشیان نەبووە لە ٣٠ رۆژی رابردوودا، لە کاتێکدا لەسەدا ٦٥ ی ماڵەکان باسیان لەوە کردبوو ئەوەی لەوماوەیەدا دەستیان کەوتووە بەشی دابینکردنی کۆی پێداویستیە سەرەتاییەکانیانی نەکردووە.[23] بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی ساڵی ٢٠١٥ بۆ پەنابەرانی ژینگەی دەرەوەی کەمپەکان، لەسەدا ١٢ ی خاوەنەوادەکان باسیان لە نەبوونی خواردن کردبوو لەماوەی حەوت ڕۆژی ڕابردوو.[24] سەرەڕای ئەمانەش، سێکتەری بژێویی وگوزەران کەمترین کۆمەک دەکرێت بەپێی وەڵامی پەنابەرەکان لە هەرێمی کوردستان کە تەنها لەسەدا ٣ ی هاوکاری پێویستی پێگەیشتووە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ دوە.[25]

ژنان و کچان بەرکەوتەی سەرەکیین بەشێوەی دیاریکراو لە ئەنجامی بەردەوامبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابوری خراپ لە هەرێمی کوردستاندا. وێڕای کەمیی داهاتی پیاوان لە دابینکردنی پێداویستی ماڵەکانیان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، باوە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگرن کە زۆرینەی ژنان بەدوای کارکردندا بگەڕێن. تەنها لەسەدا ٦ ی ئافرەتی سوریی کەمپەکان لە بازاری کاردا کاردەکەن.[26] هەروەها ژنان مەترسی خۆیان لەسەر سەلامەتی تاکەکەسی خۆیان دەربڕیوە وەک هۆکارێکی ڕێگر لە کارکردنیان لەدەرەوەی کەمپەکان. نەبوونی خزمەتگوزاری چاودێری مناڵان بە هامان شێوە وەک ئاستەنگ وایە بۆ کارکردنی ژنان، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی کە زیاتر لە نیوەی ئەومناڵە پەنابەرانەی تەمەنی خوێندنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لەدەرەوی خوێندنگاکانن.[27] ئەمەش ئاستەنگێکی تایبەتە بەو خانەوادانەی ژن سەرۆکاریان دەکات کە لەسەدا ٢٥ ی پەنابەرە سوریەکان پێکدێنن لە هەرێمی کوردستان.[28] ڕێکخراوە مرۆییە کاراکان باسیان لە بەرزبوونەوەی ئاستی ستراتیژە نادروستەکانی بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان کردووە وەک منداڵ بەشودان وسێکس لەپێناو مانەوە، لەنێو ژنانی پەنابەردا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەگەرە سنووردارەکانی گوزەرانیان.[29]

# 3

# شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژن و کچانی سوری لە هەرێمی کوردستان

**زانیاریەکانی ئەم بەشە کۆکراوەی چاوپێکەوتنە لەگەڵ ٩٢ ژن و کچی سوریی کە ئەزموونیان لەگەڵ توندوتیژیدا هەبووە لە هەرسێ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک. چاوپێکەوتنەکان لەو سێ پارێزگایەدا بریتی بوون لە لەسەدا ٢٠، لەسەدا ٣١ و لەسەدا ٤٩ (شێوەی ١). لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستان لەڕەچەڵەکی کوردن، چاوپێکاوتنەکانی ئەم راپۆرتە ژن وکچانی سوری عەرەب وکوردیشی گرتۆتەوە.**

جیاواز لە زۆربەی ئەو توێژینەوە وبەرنامانەی لەبارەی توندوتیژی جێندەریەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی پەنابەرە سوریەکان ئەنجامدراون، ئەم ڕاپۆرتە تەنها پشتی بە و داتایانە نەبەستووە کە لەناو کەمپەکاندا کۆکراونەتەوە. لابری ئەوە هەوڵی دڵنیابوونی تەواو دراوە لە ریژەی نوێنەرایەتیی ولەخۆگرتنی ژنان و کچانی سوریی لە ناوەوە ودەرەوەی کەمپەکان (لەسەدا ٤٩ بە لەسەدا ٥١). کارێکی گرنگ بوو دڵنیابین لەوەی ڕاپۆرتەکە ناوەوە ودەرەوەی کەمپەکان دەگرێتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ. یەکەم، دەرەوەی کەمپەکان ئەو شوێنەیە کە زۆرینەی پەنابەرە سوریەکانی تێدا دەژین لە هەرێمی کوردستاندا. دووەم، چەند جیاوازیەکی سەرەکی هەیە لە نێوان ژینگەی کەمپ ودەرەوەی کەمپدا کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گوزەرانی ژن وکچاندا، وەک ئامادەییان بۆ کارکردن وئاسانی دەستگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریە پشتگییرەکان.

لە ناو ئەو ژنانەی کە چاوپێکاوتنیان لەگەڵ کراوە بۆ ئەم ڕاپۆرتە، ئەو ژنانەی لە تەمەنی منداڵبووندان بەرزترین ڕێژەی ئەو گرووپە دانیشتوانە پێکدەهێنن کە ڕووبەڕوی توندوتیژیی دەبنەوە. زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی توندوتیژی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە (لەسەدا ٧٦) لەنێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٥٠ ساڵدان. لەم ڕێژەیەشدا ئەو ژنانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٦ بۆ ٣٥ ساڵە بەرزترین ڕێژە پێکدێنن (لەسەدا ٣٠ هەموو کەیسەکان). هەروەها، لەسەدا ٦٥ ی کۆی ژمارەی ئەو ژنانەی چاوپێکاوتنیان لەگەڵ کراوە هاوسەرگیریان کردووە.

باوترین شێوازی توندوتیژی کە لە لایەن ژنانەوە ڕاپۆرت کراوە بریتی بووە لە توندوتیژی سۆزداری یاخود دەروونی کە توندوتیژی جەستەیی بەدوایدا دێت. شێوازەکانی تری توندوتیژیش کە باس کراون بریتین لە توندوتیژی سیکسی، توندوتیژی ئابووری، گێچەڵ وهەراسانکردن، وهاوسەرگیری پێشوەخت. بۆنمونە، توندوتیژی جەستەیی نزیکەی هەموو کاتێک هاوکات بووە لەگەڵ توندوتیژی سۆزداری یاخود دەروونی، هەندێک جاریش لەگەڵ توندوتیژی سێکسیدا.

لەزۆربەی کەیسەکاندا (لەسەدا ٦٦)، ئەنجامدەری توندوتیژیەکە مێردی ژنەکە خۆیەتی. ئەنجامدەرەکانی تر بریتی بوون لە کۆمەڵگا (لەسەدا

شێوەی ١: دابەشبوونی چاوپێکاوتنەکان بە گوێرەی پارێزگا




شێوەی ٢: دابەشبوونی کەیسەکان بە پێی تەمەنی قوربانیەکان




١٢)، دایک وباوک (لەسەدا ٢)، خانەوادەی مێرد (لەسەدا ٤)، هاوبەشی دڵداری (لەسەدا ٢)، برا (لەسەدا٢). لە زۆرێک لە کەیسەکاندا، ژنان باسیان لە زیاتر لە شێوازێکی توندوتیژی کردووە لە لایەن ئەنجامدەرانی جۆراوجۆرەوە. بۆ نمونە، هەندێک لە ژنەکان باسیان لە توندوتیژی خێزانی کردووە لە لایەن مێردەکانیانەوە، وباسیان لە گێچەڵی سێکسیی لە لایەن کەسانێکی ئەو کۆمەڵگایەشەوە کردووە.

## توندوتیژی هاوبەشی نزیک

ژنێک بەناوی (آ) لە هاوسەرەکەی جیابووبۆوە کاتێک لە سوریاوە هات بۆ کوردستان، بەڵام دواتر هاوسەرگیری کردەوە لەگەڵ پیاوێکی پەنابەری سوریی. لەو کاتەوەی ڕوویانکردۆتە کەمپ، ڕووبەڕووی لێدانی توند وزۆر دەبوویەوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە. نەیدەوێرا ئەمانە بۆ پۆلیس باسبکات لەبەرئەوەی دەترسا هاوسەرەکەی بە تەنها لە کەمپەکەدا بەجێی بهێڵێت. دواتر دوگیان بوو وپاش منداڵبوونی لە نەخۆشخانەیەکی شاری دهۆک، منداڵەکەی لێدزرا. ئەو پێی وایە کە خانەوادەی هاوسەرەکەی بەرپرسیارن لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی پێشتر هەڕەشەی لێکردبوو، پۆلیسیش لەرووداوەکە ئاگادار نەکردبوو. دواتر هاوسەرەکەی تەڵاقیدا ولەگەڵ خانەوادەکەی گەشتیان بۆ تورکیا کرد.

توندوتیژی هاوبەشی نزیک– سۆزداری بێت، جەستەیی، سێکسی، ئابوری یان تێکەڵەیەک لە هەموویان– باوترین کێشەیە کە ژن و کچانی سوریی گێڕاویانەتەوە. ئەو ژنانەی ئەزموونی توندوتیژیی هاوبەشی نزیکیان هەبووە دابەش دەبن بۆ دووجۆر. هەندێکیان لە هاوسەرگیرییاندا کێشەیان هەبووە تەنانەت کاتێک لە سوریاش بوون ودواتریش کە هاڵهاتوون بۆ عێراق کێشەکان خراپتر بوون. ئەوانەی تر باسیان لەوەکردووە کە کێشەکەیان تەنها ئەو کاتە سەری هەڵداوە کە گەشتوونەتە عێراق. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، راگوێزران و زیادبوونی فشارەکانیان هاوپەیوەند بووە لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژی لە ماڵەکانیاندا.

ژنێک بەناوی (ب) لەگەڵ خانەوادەکەی لە ساڵی ٢٠١٤ وە هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان لە پاش سەرهەڵدانی پێکدادانی چەکداری لە ناوچەکەیان لە

شێوەی ٣: دابەشبوونی کەیسەکان بەپێی شێوازەکانی توندوتیژی




سوریا. هاوسەرگیری کردووە بۆ ماوەی ٢ ساڵ کە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی وسۆزداری بۆتەوە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، کە شیزۆفرینیای هەیە. (ب) چەندین جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە و لەباروودۆخێکی سۆزداریی خراپدایە.

زۆرێک لە ژنان ئەو توندوتیژیانەی لە پەیوەندییەکانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە دەیگێڕنەوە بۆ خراپی ئەو بارودۆخە داراییەی وەک پەنابەر تێیدا دەژین. بێتوانایی زۆرێک لە خانەوادەکان لە بەدەستهێنانی داهاتی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان فاکتەری سەرەکیە لە دروستبوونی فشار وداڕوخانی دەروونی لە ماڵدا، کە لەزۆربەی لە شیوەی توندوتیژیدا خۆی دەنوێنێت. ڕاستی ئەوەی کە زۆرێک لە هاوسەرەکان بێکارن وبەردەوام لەماڵەوەن دەبێتە هۆی دەمەقاڵێ وگرژیی چەندبارە.

ژنێک بەناوی (ج) لە قامیشلۆوە هاتووە، دوای ئەوەی چەند جارێک خۆی وهاوسەرەکەی ڕاگوێزراون، دواتر لە هەولێر نیشتەجێبوون. (ج) ڕوبەڕووی لێدانی جەستەیی چەندبارە بۆتەوە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە.

مێردەکەی بەردەوام لێی دەدات وهەندێک جاریش خەڵکی دەخالەتیان کردووە بۆئەوەی بیوەستێنن، بەڵام سودی نەبووە. (ج) دەڵێ هاوسەرەکەی ناتوانێت کارێک بدۆزێتەوە وئەمەش کاری زۆر لێکردووە وداخی خۆی بە ژنەکەی دەردەبڕێت. خوازیارە ڕێکخراوێک هاوکاری خۆی وهاوسەرەکەی بکات کە کارێک بۆ بدۆزنەوە، کە لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی باشبوونی پەیوەندیەکانیان. (ج) بەتوندیی دژی جیابونەوەیە لە هاوسەرەکەی چونکە منداڵێکیان هەیە ولە دووری خانەوادەکەی ژیان بەسەردەبات.

ژنێک بەناوی (د) هاوسەرگیریەکی ڕێکخراوی لەگەڵ دارتاشێکدا لە سوریا کردووە، ولە ساڵی ٢٠١٣دا هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان. هاوسەرەکەی زۆر بە گران دەیتوانی لە بوارەکەی خۆیدا داهاتێکی شیاوی دەستبکەوێت. زۆر دەکۆشان هەتا بتوانن کرێ بدەن وکاڵای پێویست بۆ منداڵەکانیان بکڕن. هەر هاوسەرەکەی کاری هەبوایە شتەکان باش بەڕێوە دەچوون، بەڵام ئەو کاتەی هاوسەرەکەی لە ماڵ دەبوو وهیچ کارێکی نەبوو ئەوا تورە دەبوو لە هاوسەرەکەی وبەسەریدا دەیقیژاند.

شێوەی ٤: دابەشبوونی کەیسەکان بە پێی ئەنجامدەرەکانی




زۆرێک لەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە شوێنێکی زۆر بچوکدا ژیان بەسەردەبەن لەگەڵ چەند منداڵێکدا. ئەمەش بە روونی هۆکارێکی سەرەکی تری فشارە لە خێزاندا، هەروەها زۆرێک لە خانەوادەکان دەناڵێنن بەدەست دابینکردنی پێداویستیە سەراتاییەکانی منداڵەکانیانەوە بەو داهاتە کەمەی کە هەیانە. لە یەکێک لەوکەمپانەی سەردانی کرا لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا، ستافی پرۆژەکە پێیان وترا کە رێژەی منداڵبوون لە ٢٠١٧ دا لەبەرزبونەوەدا بووە. ئەمەش رەنگە پەیوەندی هەبێت بە زیادبوونی رێژەی بێکاری ومانەوەی ژن وپیاو لە ماڵەوە لە زۆربەی خانەوادەکاندا.

ژنێک بەناوی (و) گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ دا. پێنج منداڵی هەیە؛ چوار کچ وکورێک، یاکێکیان تازە لە دایکبووە. هاوسەرەکەی توێژەری کۆمەڵایەتییە زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کارێکی دەست بکەوێت. بەهۆی خراپی بارودۆخی داراییەوە، زۆر هەوڵ دەدەن بۆ دابینکردنی پێداویستی سەرەتایی وەک شیر و دایبی بۆ مناڵەکانیان. زۆربەی کات بێزار دەبێت لە هاوسەرەکەی کە لەماڵەوە دانیشتووە. هاوسەرەکەی پێی دەڵێت کە کارێک نییە کە بیکات. لەبەرچاوی منداڵەکاندا شەڕدەکەن وهەندێک جار هەڕەشەی لێدانی دەکات وهەندێک جاریش هەر بەراستیی لێی دەدات.

ئەوە ئاشکرایە کە زۆرێك لە ژنانی پەنابەر یان دەستیان بە کۆنترۆڵی منداڵبووندا ناگات، یاخود نایانەوێت کۆنترۆڵی بکەن لەبەر هۆکاری دینی یان کەلتوری. زۆرێک لە ژنان گرنگی زۆریان بەوە دەدا کە منداڵیان هەبێت سەرەڕای هەبوونی بارودۆخی ناهەموار. یەکێک لە توێژەرەکان باسی لە چیرۆکی ژنێک دەکرد کە دووگیان بووە بەپێچەوانەی ئامۆژگاری خێزان وئەو هاوڕێیانەی کە زۆر خەمی نەبوونی نەخۆشخانەی نزیک لە کەمپەکەیان بوو. هەردوو دایک ومنداڵ مردن لە نیوەی سکپڕیەکەیدا. نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی دایکایەتی بەردەست ونزیک هۆکارێکی تری ئەو فشارەیە کە دایکانی دوگیان وباوکان روبەرووی دەبنەوە.

ژنێک بەناوی (ز) لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١. مێژوویەکی هەیە لە منداڵ لەبارچوون. لەیەکەم مداڵبوونیەوە، پێنج جار منداڵی لەبارچووە بەهۆی بائاساییبوونی کرۆمۆسۆمیی کۆرپەلەوە. لە ئێستادا جارێکی تر دوگیانە. دکتۆر ئامۆژگاری دەکات کە منداڵەکە لەبارببات چونکە منداڵەکە کێشەی دەبێت لەلەدایکبووندا ، بەڵام ژن و پیاوەکە رەتی دەکەنەوە. ئێستا (ز) لە نۆمانگی مناڵەکەیدایە و ترسی ئەوەی هەیە کە کرێی خەستەخانە ومنداڵبونیان پێ نەدرێت، بە تایبەتیش کە پێیان وتراوە منداڵەکە دەبێت لەژێر چاودێری ورددا لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە. ئەمەش دایک و باوکەکەی خستوتە ژێر فشارێکی بەردەوام. باوکەکە پێی وایە کە ناتوانێت پارەی مانەوەی منداڵەکەی کە هێشتا لەدایک نەبووە دابین بکات ودایکەکەشی لە نائارامییدایە وهەمیشە ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات لەبەر ئاسانترین هۆکار. کاتێک هاوسەرەکەی تورە دەبێت، هاواردەکات بەسەریدا و پێی دەڵێت ف هەموو هۆکارەکە تۆی کا ناتوانیت منداڵێکی تەندروست بخەیتەوە؟،هەرەشەی ئەوە دەکات کە بەجێی دێڵێت و ژنێکی تر دەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک لەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە هاوسەرگیریان کردووە لەگەڵ پیاوێکی سوری پەنابەر، هەندێکیان لەدوای گەیشتنیان بە هەرێمی کوردستان لە سوریاوە هاوسەرگیریان لەگەڵ پیاوی عێراقی کردووە. هەندێک لەم هاوسەرگیریانە ژنەکانیان خستۆتە بەر چەند شێوازێکی توندوتیژیەوە:

ژنێک بەناوی (G) لەدەرەوەی دادگا لەگەڵ پیاوێکی بە رەگەز عێراقی هاوسەرگیری کردووە، ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی وسێکسی وسۆزداری بۆەتەوە لە لایەن هاوسەر وخانەوادەکەیەوە بەشێوەی ڕۆژانە. هەروەها هاوسەرەکەی هەڕەشەی لێدەکات چونکە هاوسەرگیریەکەیان بە شێوەیەکی یاسایی لە دادگا تۆمارنەکراوە، بۆیە ترسی ئەو کێشانەی هەیە کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببێتەوە ئەگەر هاوسەرەکەی بەجێی بهێڵێت بەبێ ئەوەی هاوسەرگیرییەکەیان بەیاسایی تۆمار بکات. دواتر هاوسەرەکەی بەجێی هێشتووە ولەگەڵ ژنێکی تردا وچوونەتە دەرەوەی عێراق، هەموو زێڕ وخشڵەکانیشی لێ دەدزێت. سەرەنجام، ئەو ئێستا بەدەست کێشەی دارایی ویاسایی وسۆزداریەوە دانالێنێت.

ژنێک بەناوی (ح) هاتۆتە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ وە لەگەڵ خێزانەکیدا، پاش ساڵێک دەکەوێتە خۆشەویستیەوە لەگەڵ کوڕێکی شاری سلێمانی. دواتر هاوسەرگیریان دەکەن ودەچێتە ماڵی خانەوادەی کوڕەکە. لەسەرەتادا، بەخۆشی دەژیان سەرەڕای هەبوونی ناکۆکی بچوک بەهۆی جیاوازی کەلتوری. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، دایک وباوکی کوڕەکە وخوشکەکانی فشار دەخەنەسەر کوڕەکەیان ودەڵێن پیاوی ڕاستەقینە ڕێگە بە ژنەکەی نادات لە پاشملە باسی هاوسەرەکەی بکات. هاوسەری (ح) تورە دەبێت وهاوار دەکات بەسەریدا وسوکایەتی بە خۆی وخێزانەکەی دەکات لەبەرئەوەی سوریین. لە کۆتاییدا دەست بە لێدانی (ح) دەکات وبریندار دەکات. لەماڵەوە، دایک وخوشکەکانی کوڕەکە کاری زۆریان دەدا بەسەر کچەکەدا لەبەر ئەوەی سوری بوو ولەناویاندا بێگانە بوو. (ح) ئەمانەی بە نهێنی لە خانەوادەکەی دەشاردەوە ودەستی بەکەس نەدەگەیشت بۆ هاوکاری.

## توندوتیژی ئابووری

باوە کۆمەڵایەتییە زاڵەکانی نێو پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو چاوەڕوانییەی هەیە لە پیاو کە دەبێت خەرجی گشت ئەندامانی تری خێزان دابین بکات. تەنها ٧ لەو ٩٢ ژن وکچانەی چاوپێکاوتنیان لەگەڵدا کراوە کاریان دەکرد وخاوەنی داهاتی خۆیان بوون. لەگەڵ ئەوەی پشتبەستن بە نان پەیداکردنی پیاوان قبوڵکراوە لە لایەن زۆرێک لە ژنانەوە وەک شتێکی سروشتی، بەڵام هەندێک لە ژنانی خستۆتە بارێکی لاوازەوە وهەندێک جاریش هۆکار بووە بۆ توندوتیژی ئابووریی بەرامبەریان:

ژنێک بەناوی (ی) ناچار کرا کە هاوسەرگیری بکات لە تەمەنێکی زۆر زووەوە بەهۆی باروودۆخی دارایی خێزانەکەیەوە، ئەو دەڵێت کە ئامادە نەبووە بچێتە پەیوەندیەوە. ناچاریش کراوە کە خوێندن بەجێبهێڵێت. هاوسەرەکەی ئامادەنەبووە کە خەرجیی خۆی ودوو منداڵەکەیدا بدات وبە شێوەیەکی بەردەوام لێیداوە وسوکایەتی پێکردووە.

ژنێک بەناوی (ک) دوو منداڵی هەیە ودەناڵێنێت بەدەست چەند کێشەیەکی دەرونییەوە. ناجێگیری مێشکی دەستی پێکرد لەدوای بەجێهێشتنی سوریا لەئەنجامی شەڕی ناوخۆ. ئێستا لەگەڵ کەس قسە ناکات، بەڵام هاوسەرەکەی هەر ڕێگرە لە وەرگرتنی چارەسەری دەروونی و پزیشکی.

لە یەکێک لە کەیسەکاندا، هاوسەری ژنێک ڕەتی کردۆتەوە کە ڕێگا بە ژنەکەی بدات کە ئیش بکات سەرەڕای نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ خانەوادەکەی.

ژنێک بەناوی (ل) لەگەڵ هاوسەر ودوو منداڵی هەڵهاتوون بۆ هەرێمی کوردستان لەپاش دەستگرتنی داعش بەسەر شارەکەیاندا. باروودۆخی داراییان زۆر خراپە. هاوسەرەکەی بێکارە وئەوە قبوڵناکات کە ژنەکەی کاربکات کە ئەمەش کاری لە لایەنی هۆشەکیی ودەروونی ژنەکەی کردووە.

لە چەند کەیسێکی تردا، ژنێک تاکە سەرچاوەی پەیداکردنی خەرجییە بۆ ماڵێکی حەوت ئەندامی، بەهۆی بێکاری

هـــاوسەرەکەیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هـــاوسەرەکەی دەستـــی گرتووە بەسەر خەرجکردنی داهاتی ژنەکەدا.

ژنێک بەناوی (م) خاوەنی شەش منداڵە. هاوسەرەکەی ٥٦ ساڵە وکار ناکات. ژنەکە کاردەکات وخەرجیی خێزانەکەی پەیدا دەکات، بەڵام هاوسەرەکەی لێی دەستێنێت ودەیدات بە خواردنەوەی کحولی.

پشتـبەستـنـی ژنـان بە پـیـاوان لە ڕووی دارایـیەوە وەک هۆکارێکی سەرەکی ڕێگرتن لە جیابوونەوە کاری کردووە. ئەمەش ڕاستترە بۆ ئە و ژنانەی کە چەند منداڵێکیان هەیە وترسی ئەوەیان هەیە کە نەتوانن خەرجی منداڵەکانیان پەیدا بکەن ئەگەر جیابونەوە ڕوو بدات. لەئەنجامدا، تەنانەت ئەو ژنـانەی کە ڕوبەڕووی چەنـدیـن شێوازی تـونـدوتـیـژی دەنبەوە پێیان باشترە کە لە هاوسەرگیرییدا بمێننەوە وەک لەوەی جیاببنەوە.

ژنێک بەناوی (ن) هاوسەرگیری کردووە وشەش منداڵی هەیە. هاوسەرەکەی خەرجی ناکێشێت، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ساڵ ونیوێکە لە هەرێمی کوردستان کاردەکات. چەندین نەخۆشی جەستەیی هەیە وهیچ سەرچاوەیەکی دارایی نیە جگە لەو هاوکاریانەی کە پێشکەشیان دەکرێت لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وناوخۆییەکانەوە وئەو شتانەش کە لە کەمپەکاندا دابەش دەکرێت. خۆی ومنداڵەکانی دەناڵێنن لەدەست لێدانی بەردەوام لە لایەن هاوسەرەکەیەوە. ئەمانەی باسنەکردووە لە ترسی جیابوونەوە وکە ئیتر کەس لەکەمپەکە لەگەڵیان نابێت کە ئاگای لێیان بێت. هاوسەرەکەی هەڕەشەی ئەوەشی لێکردووە کە دەینێرێتەوە بۆ سوریا و ژنێکی تر دەهێنێتەوە.

لە زۆرێک لە کەیسەکــــانــــدا، ژنـــان بەجێدەهێڵرێت لە بـارودۆخێکـی دارایـی خـراپـدا دوای جـیـابـونـەوەی لە هـــاوسەرەکەی. کـــارێکـی بـــاوە لە نـــاو سوریەکـــانـدا کە پیاوەکانیان سەفەردەکەن بۆ وڵاتانی ئەوروپا بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی باشتر و دڵنیابوون لە سەلامەتی ڕێگەکە پێش بـــردنـــی خێزانەکـــانـــیـــان. بەڵام ئەمە ژنەکـــان بەجێدەهێڵێت لە بارودۆخێکی ناجێگیر و ناچاریان دەکات

کە ڕێگەی تـر بـدۆزنەوە بۆ گـوزەرانـی خـانەوادەکەیـان لە غیابی هاوسەرەکانیاندا.

ژنێک بەناوی (س) هات بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ وسێ منداڵی هەیە. ڕوبەڕوی توندوتیژی جەستەیی وسۆزداری دەبوویەوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە، هێشتاش بەجێی هێشتووە وچووە بۆ دەرەوەی وولات. خێزانەکەیان کێشەی زۆری داراییان هەیە بەهۆی غیابی هاوسەرەکەیەوە و ژنەکە تاکە سەرچاوەی دابینکردنی بژێویە.

ژنێک بەناوی (ع) هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوسەر ودوو منداڵەکەی بەهۆی هاتنی داعشەوە. سەرەتا چەندین کێشەی لەنێوان ئەو وهاوسەرەکەیدا لە هەرێمی کوردستان سەری هەڵدا. توڕە دەبوو لێی وتوندوتیژی زارەکی وجەستەیی دەنواند دژی ژنەکەی. دواتر، هاوسەرەکەی بەجێی هێشت لەگەڵ دوومنداڵەکەی، وچوو بۆ ئەوروپا وهیچ کەس هیچی لەبارەیەوە نەبیست.

ژنێک بەناوی (ف) هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی سوریی کرد لە کەمپدا ماوەیەکی کورت پاش گەیشتنی بۆ هەرێمی کوردستان. لەدوای هاوسەرگیریان، سەفەریان کرد بۆ یۆنان لەگەڵ منداڵەکەیان و بۆماوەی ١١ مانگ لەوێ مانەوە. لەیۆنان هاوسەرەکەی ناچاری کرد کە پەیوەندی بکات بە ڕێکخراوەکانەوە وداوای هاوکاریان لێ بکات تەنانەت ئەگەر ئەمە ڕوبەڕووی هەلپەرستی سێکسیشی بکاتەوە، بەڵام ژنەکە ئەمەی ڕەت کردەوە. دواتر هاوسەرەکەی بەجێیهێشت و سەفەری کرد بۆ ئەڵمانیا. لەو کەتەوە ئەم گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان ولەگەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومیی کاردەکات بۆ ئەوەی ئەو قەرزانە بداتەوە کە وەری گرتبوو پێش ئەوەی سەفەر بکات بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ هاوکاری کردنی دایکی خۆی ومنداڵەکەی. بارودۆخی نێو کەمپەکە بۆتە هۆی ئەوەی لە بارێکی دەروونی خراپدا بێت ونازانێت چۆن لێی دەربچێت.

لە چەنـد کەیسێکـی تـردا، ڕۆیشتـنـی هـاوسەرەکـان لەبەر هۆکـارێکـی تر بـووە: کە بـریـتـیە لە هـاوسەرگیری دووەم.

ئەمەش زۆرجار بۆتەهۆی بڕینی هاوکاری دارایی لە ژنی یەکەم و منداڵەکان، تەنانەت ئەگەر جیابوونەوە (تالاق)یش ڕووی نەدابێت.

ژنێک بەناوی (ق) ماوەی ١٥ ساڵە هاوسەرگیریکردووە ، زۆرجار لەگەل هاوسەرەکەی دەمەقاڵێیان بووە وبەئاستەم پێکەوە هەڵیانکردووە. هاوسەرەکەی ساڵی ٢٠١٤ دەستی لە خۆی وکچەکەی هەڵگرتووە، وهاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی تر کردووە. دواتر (ق) وکچەکەی لە ماڵەکەی دەرکردووە. (ق) لە ئێستادا ژورێکی بە کرێ گرتووە بۆ کچەکەی و خۆی، ووەک خزمەتکار لە کارگەیەکدا کاری دانانی خواردن لەسەر مێز دەکات. هاوسەرەکەی هەموو پەیوەندیەکی لەگەل بڕیون ولەگەڵ ژنە تازەکەیدا دەژی.

لەدوای گەیشتنی بۆ هەرێمی کوردستان، هاوسەری (ر) هاوسەرگیریەکی تر ئەنجام داوە. لەوکاتەوە، دەناڵێنێت بەدەست توندوتیژی جەستەیی وزارەکی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، وخەرجی خێزانەکەی لە ئەستۆ ناگرێت. هەرچەندە لە بارودۆخێکی تەواو خراپدا دەژی، بەڵام ناتوانێت داوای جیابوونەوە بکات بەهۆی منداڵەکانیەوە.

## شێوازەکانی تری توندوتیژی خێزانی:

ئەنجامدەرەکانی تری توندوتیژی خێزانی لە لای ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە بریتین لە دایک وباوک (بە ڕێژەی لەسەدا ٧)، خانەوادەی هاوسەر (لەسەدا ٤)، و برا (لەسەدا ٢).

ژنێک بەناوی (ش) هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی سوریی کرد لە دوای گەیشتنی بۆ هەرێمی کوردستان. لە ساڵی یەکەمی هاوسەرگیرییەکەیاندا، زۆر دڵخۆش بوون. دواتر، کێشەکان وردە وردە دەستیان پێکرد. چەند ساڵێک هەوڵیدا دوگیان ببێت بەڵام سودی نەبوو. هاوسەرەکەی وخەسوی سەرزەنشتیان دەکرد بۆ ئەوەی کە دوگیان نابێت. هەمیشە وشەی دڵشکێنیان بەرامبەری بەکاردەهێنا وهەڕەشەیان دەکرد کە هاوسەرەکەی ژنێکی تر دەهێنێت. لە ژیانێکی دەروونی خراپ وپڕ فشاردا دەژی ولەڕووی دەروونییەوە تێکشکاو وخەمبارە.

ژنێک بەناوی (ت) خۆی و سێ منداڵەکەی لە ساڵی ٢٠١٤دا هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان. هاوسەرەکەی بەجێی هێشتووە وسەفەری کردووە بۆ دەرەوەی وڵات. ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی ژیان بەسەردەبات ورووبەڕوی توندوتیژی جەستەیی وسوکایەتی دەبێتەوە لەلایەن براکەیەوە. بارودۆخی دارایی زۆر خراپە و ئاستەمە کارێک بدۆزێتەوە وەکو کەسێکی ڕاگوێزراو.

## هەراسانکردن (گێچەڵ پێگێڕان)

هەراسەنکردن لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە یەکێکیترە لەو کێشانەی باس کراوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ئەو ژن وکچانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. وادەردەکەوێت کە بەتایبەت کچی سەڵت و تەڵاقدراو بکرێنە ئامانج لە هەراسانکردندا.

ژنێک بەناوی (ط) هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤دا. لە لایەن خانەوادەکەیەوە ڕوبەڕووی توندوتیژی جەستەیی بۆتەوە، لەلایەن کۆمەڵگاوە هەراسانکردنی سێکسی بەرامبەر کراوە لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری نەکردووە وپەنابەرە.

ژنێک بەناوی (ص) کێشەی هەیە لەگەڵ دراوسێکانی. مامەڵەیەکی زۆر خراپی لەگەڵ دەکەن وهەندێجاریش ئازاری منداڵەکەی دەدەن. هێندە ترساوە کە چیتر هەست بە ئارامی ناکات بچێت بۆ هیچ شوێنێک. لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت داوای هاوکاری لە پۆلیس یان هیچ کەسێکی تر بکات.

لە هەندێک لە کەیسەکاندا، ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان باش نین، ناچار کراون بەرپرسیاریێتی زیاتر لە ئەستۆ بگرن لەدەرەوی ماڵەکانیان، کە ئەمەش ڕێژەی بەرکەوتنیان بە هەراسانکردنی زیاتر کردووە.

ژنێک بەناوی (غ) سێ منداڵی هەیە وهاوسەرەکەی ناتوانێت کار بکات بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری

کردنەوەی دڵەوە. لەئەنجامدا، بارێکی دارایی خراپیان هەیە. ڕووبەڕوی هەڵپەرستی وهەراسانکردن دەبێتەوە لە لایەن کەسانی ترەوە چونکە ناچار کراوە کارەکانی ناومالّ ودەرەوەش ئەنجام بکات لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی ناتوانێت کاربکات.

لەکۆتایدا، ژنێکی تەڵاقدراو کە وەک مامۆستا کاری دەکرد باسی لە هاراسانکردنی سێکسی دەکرد لە لایەن خاوەن کارەکەیەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگایەکی یەکێک لە کەمپەکان.

ژنێک بەناوی (أأ) تەڵاقدراوە ولە ٢٠١٤ وە لە کوردستان دەژی. ڕوبەڕووی هاراسانکردی سێکسی بۆتەوە لە لایەن بەڕیوەبەری ئەو قوتابخانەیەی کە کاری تێدا دەکرد. ناچاربوو بچێتە قوتابخانەیەکی دوورتر لە مالّی خۆیان ودەبوو بەیانیان زۆر زووتر بچێتە دەرەوە لەماڵ بۆ ئەوەی بگاتە شوێنی کارەکەی . ترسی ئەوەی هەیە ووبارە ڕوبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە وترسی لە سەلامەتی کچەکەشی هەیە. واهەست دەکات کە هەموو کۆمەڵگا وەک لەشفرۆش تەماشای دەکەن لەبەرئەوەی کە جیابۆتەوە (تەلاق دراوە).

4

# وەڵامدانەوی دامەزراوەیی و فەرمی بۆ توندوتیژی جێندەری

**لە هەرێمی کوردستان، حکومەت، دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ورێکخراوە ناحکومیەکان پرۆگرامی ڕێگریی لە توندوتیژی جێندەریان کردووە بە بەشێک لە بەرنامەی کارکردنیان بۆ پەنابەرە سورییەکان. سەرەڕای زیادبوونی بەردەوامی خزمەتگوزارییە پاڵپشتە بەردەستەکان ، بەڵام زۆرینەی قوربانیانی توندوتیژی جێندەری وا دەرناکەون کە سودیان لێ دیبێت.**

هیچکام لەو ٩٢ ژن وکچەی چاوپێکردنیان لەگەڵ کراوە ئەزموونی توندوتیژیەکانیان ڕاپۆرت نەکردووە بۆ دەسەڵاتی پەیوەندیدار یان ڕێکخراوەکان غ جگە لە کۆمەڵێک کە خزمەتگوزاریان لە ڕێکخراوی ئاسودە وەرگرتووە. هەرچەندە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە ئاڵۆزن، بەڵام بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەش دەبن: ئاستەنگەکانی ڕاپۆرتکردن لەناو پەنابەران خۆیاندا، وبۆشایی یان خراپی لە گەیاندنی خزمەتگوزاریە پاڵپشتەکاندا.

## ئاستەنگەکانی ڕاپۆرتکردن

یەکەم ئاستەنگی ڕاپۆرتکردن پەیوەندی بە باوە کۆمەڵایەتیەکان وقەدەغەکراوەکانی تایبەت بە توندوتیژی جێندەریەوە هەیە. زۆرێک لە ژنانی پەنابەری سوریی بە شەرمەزاری یان ناشەریفانەی دەزانن بەکراوەیی باس لە ئەزمونی خۆیان لەسەر توندوتیژی جێندەری بکەن ، ونایانەوێت سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشن بۆ کێشە خێزانیەکانیان. ئەمەش بەتایبەتیی لە توندوتیژی سێکسیدا زیاتر ڕوونە.

ئاستەنگی دووەم بۆ ڕاپۆرتکردن پەیوەندی بە بچوککردنەوە وئاسایکردنەوەی ئەو توندوتیژیەوە هەیە کە ڕوبەڕووی دەبنەوە بەراورد بە تەنگژەی گەورەتر. زۆرێک لەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە زۆر لەخەمی خراپی بارودۆخی داراییاندا بوون وەک پەنابەر. دەستکەوتنی داهاتی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتییەکانی ڕۆژانەیان، خەمی رۆژانەی هەرە گەورەیان بوو، کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی ئەو توندوتیژیانەی روبەروویان بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لە ژنان کە ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن هاوبەشی دڵداریی نزیکیانەوە دەیبەستنەوە بە خراپی باری ئابوری هاوبەشەکەیانەوە و هەست بەوە دەکەن ئەگەر ئەو کێشانەیان چارەسەربووایە، ئەوا ڕێژەی توندوتیژیش کەم دەبوویەوە.

ئاستەنگی سێهەم لە ڕاپۆرتکردن پەیوەندی هەیە بە ترسی ژنان لەوەی کە ئەم کارە رەنگە ببێتە هۆی وروژاندنی کاردانەوەی هاوسەرەکانیان . زۆرێک لە ژنان پێیان وایە کە ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان رەنگە بەئاسانیی ببێتە هۆی خراپترکردنی کێشەکانیان ، یان لەوانەیە بە جیابوونەوە کۆتایی بێت. ژمارەیەک لەو ژنانەی کە چاوپێکەوتنیان

لەگەڵ کراوە جیابوونەوە وەک چارەسەر بەتوندیی ڕەتدەکەنەوە. بەشێک لە هۆکارەکەی هۆکاری کەلتورییە، لەبەرئەوەی ژنان باس لەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگادا ژنی تەڵاقدراو بە کەم سەیردەکرێت. لەگەڵئەوەشدا، باشێکی تر پراکتیکییە. بەشێکی زۆری ژنان ژیان بەسەردەبەن دوور لە خانەوادەکانیان بەهۆی بەجێهێشتنی سوریا ودەزانن ئەگەر جیاببنەوە شوێنێکیان نیە بۆی بچن ودەبێت هەر خۆیان خەرجیی خۆیان ومنداڵەکانیان دابین بکەن.

ژنێک بەناوی (بب) لەو کاتەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە سوریاوە ڕایکردووە هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ خانەوادەکەی پچڕاوە. ئێستا، ناتوانێت بە باشی بخەوێت یاخود نان بخوات بەهۆی توندوتیژی جەستەیی وسوکایەتییەوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە. ئاماژەی بەوەش کردووە کە هاوسەرەکەی بە ئاسانترین هۆکار سەرزەنشتی دەکات، وئەگەر هەوڵبدات پارێزگاری لەخۆی بکات ئەوا هاوسەرەکەی لێی دەدات بە هەرشتێک کە بەردەستی بکەوێت. سەرەڕای ئەمانەش، هیچ شتێکی لەبارەی ئەمەوە بە دەسەڵاتی پەیوەندیدار یاخود ڕێکخراوەکان نەدرکاندووە لەترسی هاوسەرەکەی و لەترسی بەسەربردنی ژیان بەتەنهایی.

ژنێک بەناوی (جج) وهاوسەرەکەی بە خۆشەویستی هاوسەرگیریان کردووە بە خۆشی ژیاون لەگەڵ منداڵەکانیان لە حەلەب، لە سوریا. بەڵام دوای هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان، برای هاوسەرەکەی ژنی دووەمی هێناوە. بە بینینی ئەمە، هاوسەری (جج) هەمان شتی ئەنجامداوە وخوشکی ژنی دووەمی هاوسەرەکەی مارە کردووە. دواتر ژنی یەکەم ومنداڵەکانی پشتگوێخستووە وخەرجیەکانیشی بۆ دابین نەدەکردوون. (جج) ئەمەی پێ قبول نەکراوە وخۆی ومنداڵەکانی ماڵەکەیان بەجێهێشتووە. لە ئێستادا هەموو کارێک دەکات بۆ دابینکردنی خەرجیەکانیان بەوەی لە کارگەکان کار بکات یان لەڕێی چنینەوە بژێویان بۆ دابین بکات. کاتێک پرسیاری لێدەکرێت بۆچی جیانابێتەوە، لە وەڵامدا دەڵێت لە کەلتوری ئەواندا شەرمەزاریە ژن تەڵاق بدرێت و پێی باشترە بەوجۆرە ژیان بەسەر بەرێت.

ئاستەنگی چوارەم بۆ ڕاپۆرتکردن بریتیە لە نەبوونی متمانە بە دەسەڵاتەکان. هەندێک لە ژنان وا هەست دەکەن کە دەسەڵاتەکان ناتوانن کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن، یاخود هەست دەکەن خزمەتگوزاریە بەردەستەکان بەسەر ئەواندا جێبەجێ ناکرێت.

## ئەو ڕێوشوێنانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گیراونەتە بەر

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە سەیری توندوتیژی جێندەری دەکات، چ لەناو خەڵکی خانەخوێ یاخود لە بەدەممەوەچوونی قەیرانی پەنابەر وراگوێزراواندا. جیاواز لە تەواوی عێراق، لە هەرێمی کوردستان توندوتیژی خێزانی بە تاون کراوە لەژێر سایەی قانونی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١. قانونەکە پێناسەی توندوتیژی خێزانی دەکات وەک فەهەر کارێک، وتەیەک، هەڕەشەیەک یاخود نەکردنی کارێک کە ئەنجام بدرێت لەسەر بنەمای جێندەر لەلایەن یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەوە بەرامبەر ئەندامێکی تر تاوەکو پلە چوار کە زیانگەیاندنی جەستەیی، دەروونی، سێکسی یاخود ئابوری یاخود بێبەشکردنی مافی لێ بکەوێتەوە؟. یاساکە دادگای تایبەتمەندی دامەزراندووە بۆ تەماشاکردنی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی و پۆلیسی تایبەتمەند لە ژنان بۆ ئەو کەیسانە. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارە لە چاودێریی ڕێکخستنی پەناگەکان (شێڵتەرەکان) بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی.[30]

ژمارەیەک دەزگای حکومی تر هەن کە بەرپرسیارن لە بابەتی توندوتیژی جێندەریی و بەرزڕاگرتنی مافەکانی ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی. بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کە بەشێکە لە وەزارەتی ناوخۆ، لقەکانی بەڕێوەبەرایەتی لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە کە بەرپرسیارن لە وەرگرتنی سکاڵا وکۆکردنەوەی داتا لەسەر توندوتیژی دژی ئافرەتان. هەروەها هێڵە گەرمەکانیش بەڕێوە دەبەن لە هەر پارێزگایەک بۆ ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.[31] بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە هەروەها ناسراویشە بە ف دەسەڵاتی خاوەن توانا بۆ بەدواداچونی توندوتیژی خێزانی؟ لەژێر سایەی یاسای توندوتیژی خێزانیدا. هەروەها هەماهەنگی لەنێوان تیمە

گەڕۆکەکاندا دەکات کە وخزمەتگوزاریی بەدەمەوەهاتن وڕیگریی لە توندوتیژی جێندەری وسێکسی ناو کەمپی پەنابەران وراگوێزراوان وناوچە شارنشینیەکان پێشکەش دەکات.[32]

ئەنجومەنی باڵای خانمان کە سەرۆکوەزیران سەرۆکایەتی دەکات ولە شەش وەزیر وحەوت شارەزای بواری ژنان وکۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێت، بەرپرسیارە لە سیاساتی ڕێنوێنیکردن ودارشتنی ستراتیژە نەتەوەیەکان بۆ بەرزڕاگرتنی مافەکانی ژنان.[33] لەگەڵ ئەوەشدا، هەر پارێزگایەک لیژنەیەکی باڵای هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان، کە پێکهاتووە لە نوێنەری باڵای حکومەت ودەسەڵاتی دادوەری.[34] لە کۆتاییشدا، لە بەرپرسیارێتی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیە کەف هەوڵە ئاینییەکان هەماهەنگ بکات بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیجێندەریی.؟[35]

لەگەڵ ئەوەشدا، لەدوای حەوت ساڵ لە دەرکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی، جێبەجێکردنی یاساکە رەخنەی ناتەواویی وناکاریی لێدەگیرێت لەلایەن زۆرێک لە گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە کە تایبەتمەندن لە کێشەکانی ژناندا. ڕەشنوسی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە یاساکەدا لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وناوەندەکانی لێکۆڵینەوەوە ئامادە کرا وپێشکەش بە پەرلەمان کرا، بەڵام هێشتا یاسایان پێ دەرنەکراوە.[36] لەگەڵ ئەمانەشدا، هاتنی ڕێژەیەکی زۆر لە راگوێزراوی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە، لەناویاندا قوربانیانی زۆری توندوتیژی سێکسی وتوندوتیژی مەترسیداری تر، حکومەتیان ماندوو کرد لەوەی بتوانێت هاوکاریی هەموو قوربانیانی توندوتیژی جێندەری بکات.

بۆنمونە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە ژنانی سوری باسیان لەوەکردووە کە توانیویانە بچنە ئەو شێڵتەرانەی لەلایەن حکومەتەوە بەڕیوە دەبرێت، بەڵام سیستەمەکە بە گشتی بە چارەسەرێکی ناتەواو هەژماردەکرێت بۆ ئەو ژنانەی ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. چونە ناو شێڵتەرەکان پێویستی بە بڕیاری دادوەر هەیە، ئەمەش مانای وایە پێویستە قوربانی توندوتیژی داوای فەرمی یاسایی لە دژی ئەنجامدەرەکە بجوڵێنێت. ئەمە نەک هەر گونجاو نیە بۆ حاڵەتی بەپەلە، بەڵکو ڕێوشوێنێکیشە کە زۆرێک لە ژنان نایانەوێت بیگرنەبەر. شێڵتەرەکان زۆر بە خراپی کاریگەر بوون بەو قەیرانەی بەر سێکتەری گشتی کەوتووە وپێداویستیە سەرەتاییەکانیان تێدا نیە. ئەوەی کێشەکەی خراپتر کردووە ئەوەیە کە زۆربەی هۆتێلەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێگە نادەن ژن بە تەنها تێیدا بمێنێتەوە. لەئەنجامدا، تەنها چەند بژاردەیەکی کەم هەیە ژنان بتوانن پەنای بۆ ببەن کاتێک لە توندوتیژی هاوسەرەکانیان یان خانەوادەکانیان هەڵدێن.

## ئەو ڕێ وشوێنانەی کە گیراوەتە بەر لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وناحکومیەکانەوە

ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وناحکومیەکان لە زۆربەی کاتەکاندا یەکەم لایەنن لە پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ژن وکچانی پەنابەری سوریی کە ڕوبەڕووی توندوتیژی جێندەری دەبنەوە، لە ناوەوەی کەمپەکان بن یاخود لە دەرەوە. دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە چاودێریی ١٠ کامپی ئاوارە سوریەکان دەکەن لە هەرێمی کوردستان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی جێندەری سێکسی وبەهێزکردنی بەشداریپێکردنی توندوتیژی جێندەری سێکسی لە چالاکیەکانیاندا. بۆنمونە، UNHCR ئاماژەی بەوەکردووە کە فڕێگرتن لە توندوتیژی جیندەری سێکسی وهاوکاریکردنی قوربانیان بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری یەکسان وبەهێزکردنی تواناکانیان وخۆسەلماندن؛ کاری پڕبایەخی لەپێشینەی بەرنامەکانی UNHCR ە لە عێراق؟. لە ٢٠١٧، ئاماژەی بەوە کردووە کە خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە توندوتیژی جێندەری سێکسی پێشکەش بە ٢٥،٣٥٢ هاوڵاتی کردووە و ڕاهێنانی بە ٤،٢٧٥ هاوڵاتی کردووە لەسەر خزمەتگوزاری پاراستن (ژمارەکان تایبەتن بە مانگی ١١ ی ٢٠١٧).[37] لیژنەی هەڵبژێردراوی ژنان لەنێو هەر کەمپێکدا هەیە کە هاوکاری ونێوەندگیری لەنێوان ژنە سوریەکان وئیدارەی کەمپەکاندا دەکات.

هەروەها دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وناوخۆییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری لەڕێگەی کۆمەڵەی پاراستن و لقی کۆمەڵەی (GBV)ەوە.

بەشێک لە بەرنامە وخزمەتگوزاریی پێشکەشکراوی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بریتیین لە: دانیشتن و وانەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر GBV؛ وۆرکشۆپ بۆ پیاوان و کوڕان لەسەر ڕێگرتن لە GBV؛ بەڕێوەبردنی کەیس کە ناردنیان بۆ هاوکاری دەروونی ویاسایی دەگرێتەوە؛ شوێنی سەلامەت بۆ ژنان؛ ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ژنان وکچان. هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لەگەڵ قوربانیانی GBV دا کاردەکەن وردەکاری هەموو کەیسەکانی GBV تۆمار دەکەن کە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری توندوتیژی جێندەریی GBVIMS دا ڕێیان لێی کەوتووە. بەڵام ئەم داتایانە بۆ دەرەوەی ڕێکخراوە بەشداربووەکان بەردەستنین.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەو بەرنامانەی لەسەرەوە باسکران پەی بە هەموو پێداویستیەکانی قوربانیانی توندوتیژی جێندەری نابەن. زۆرێک لە کچ وژنانی پەنابەری سوریی کە چاوپیکەوتنیان لەگەل کراوە وادەردەکەون کە تەواو بێئاگان لەو خزمەتگوزاریانەی لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە پێشکەش دەکرێن، بەو کەسانەشەوە کە هەندێکیان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە لە کەمپەکاندا دەژین. هەندێکیان ئاگاداری ئەوەن کە پرۆگرامێک هەبووە بەڵام پێیان وابووە ئەوانە تەنها بۆ نشینگەیەکی دیاریکراو بووە، هەربۆیە بەسەر ئەواندا جێبەجێ ناکرێت. هەندێکی تریان پێیان وایە کە ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر توندوتیژی جێندەری کاردەکەن تەنها خولیای داتا وزانیاری کۆکردنەوەن و لەبەرامبەردا یارمەتی راستەقینەی قوربانیانی توندوتیژی جێندەری نادەن.

# 5 دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

**کاتێک کێشەیەکی بەردەوام ڕێگرتن لە گەڕانەوەی پەنابەرەکان بۆ سوریا درێژ دەکاتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک پەناگەیەک دەمێنێتەوە بۆ پەنابەرەکان لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا. لەئەنجامدا، پێویستە لایەنە مرۆییەکان لە هاوکاری درێژخایەنی پەنابەرە سوریەکان بەردەوام بن وەک بەشێک لە وەڵامدانەوەیان بۆ کێشەکان. بەتایبەتی، ئەوەش دەگرێتەوە کە سەرنج وسەرچاوەکان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی پێویستیە دیاریکراوەکانی کچان وژنانی پەنابەر چارەسەر بکرێن.**

ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە که توندوتیژی جێندەری کێشەیەکی سەرەکی کچان وژنانی پەنابەری سورییە لە هەرێمی کوردستان. لەسەر زاری کچان وژنان خۆیانەوە، حاڵەتەکانی توندوتیژی جێندەری دەستیان پێ کردووە یان ڕوویان لە زیادبوون کردووە لەکاتی گەیشتنیان بە هەرێمی کوردستان، کە دەریدەخات کێشەکە پەیوەندیی بە ئەزموونی ڕاگوێزرانیانەوە هەیە. زیاتر لەوەش، هەندێک ئاماژە هەیە کە ڕەنگە کێشەکە خراپتر بووبێت لام ساڵانەی دواییدا لەگەڵ خراپبوونی ئەو بارودۆخە ئابووری وسیاسی وئاسایشەی لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە کاری لە هەرێمی کوردستان کردووە.

سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوە حکومیەکان، دەزگا نێودەوڵەتیەکان وڕێکخراوە ناحکومیەکان ئاشنان بەوەی چەند گرنگە ڕێگریی لە توندوتیژی جێندەری بکەن بە بەشێک لە بەرنامەی بەدەمەوەهاتنیان بۆ پەنابەرەکان، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە ئەوە دەخاتەڕوو کە کەلێنی گەورە هەیە لە باسکردنی پێداویستیەکانی قوربانیانی توندوتیژیە جێندەریەکان. زۆرینەی ئەوکچ وژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە وا هەست دەکەن کە یان خزمەتگوزاریەکان هەر نین یاخود تەنها بۆ چەند گروپێکی دیاریکراو بەردەستە، یان پەیوەندی بە پێداویستیەکانی ئەوانەوە نیە.

یەکێک لە دەرەنجامە گرنگەکانی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە پاراستن لە توندوتیژی جێندەری ناکرێت جیابکرێتەوە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی تری پەنابەرە سوریەکان. ڕێوشوێنی تایبەت بۆ کارکردن لەسەر توندوتیژی جێندەری ناکاریگەر دەبن ئەگەر پێداویستیە سەرەتاییەکانی پەنابەرەکان غ وەک شێڵتەر و گوزەران وتەندروستی وخوێندن– بە باشی پێشکەش نەکراون وئەگەر خزمەتگوزاریەکانی دابینکردنی ئەم پێداویستیانە لە ئاست خواست وبەشداریی چالاکانەی ژنانی پەنابەردا نەبوون. ئەوە ڕوونە کە پەنابەران پێیان وایە ئەو دەستێوەردانەی GBV کە کێشە هەنووکەییە مادیەکانی ئەوان چارەسەر ناکات، بێئاگایانە وباش ئاراستە نەکراوە. سەرەنجام، هەرچەندە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریەکانی ئێستا کە تایبەتن بە توندوتیژی جێندەری شتێکی پێویستە، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەمەدا سێکتەرە پاڵپشتەکانی تری خزمەتگوزارییش بەشیوەیەکی هاوتەریب زیاد بکرێن.

# ڕاسپاردەکان:

- **زیادکردنی هاوکاریی دارایی نێودەوڵەتیی بۆ بەدەمەوەهاتنی پەنابەرە سورییەکان.** هەمووساڵێک ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخاندەکرێت بۆ هاوکاری پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات (لە ساڵی ٢٠١٧، تەنها لەسەدا ٥٣ ی هاوکاریەکان گرەنتی کرا).[38] کەمکردنەوەی بەردەوامی ئەم هاوکارییە توانای ڕێکخراوە مرۆییە کاراکان سنوردار دەکات بۆ هاوکاریکردنی پەنابەرانی ناتوانا لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا، کە ژنان و کچانی پەنابەری سورییش دەگرێتەوە.

- **بەتایبەت، دابیین کردنی سەرچاوە وداهاتی زیاتر بۆ بەرنامەکانی گوزەران.** سێکتەری گوزەران لە ئێستادا کەمترین داهاتی بۆ دابیین دەکرێت لە عێراقدا، ولێکەوتە خراپەکانی هەموو سێکتەرەکانی تری گرتۆتەوە. سەرباری دابینکردنی هەلی کار وخولی ڕاهێنان ، پێویستە شێوازی خێرای هاوکاری گوزەران وەک پێدانی پارەی کاش بەردەوام بێت، بەتایبەتیش کە وەک لە جێگای تردا خراوەتەروو هاوکاربووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی هاوبەشی نزیکدا.[39]

- **پێشکەشکردنی زیاتری ئاسانکاری پەروەردە وچاودێری منداڵ لە نێو پەنابەراندا.** نەبوونی جێگایەکی ئارام وسەلامەت بۆ چاودێری منداڵەکان لە ئێستادا توانای ژنانی سنوردار کردووە لە گەڕان بە شوێن کار بەشداربوونی زیاتر لە کۆمەڵگا ودەستگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریە پاڵپشتەکان.

- **دڵنیابوونەوە لەوەی ژنان وکچان دەستیان ڕابگات بە پلانی خێزانی.** کە هەردوو خزمەتگوزاری خوێندنی ڕێگاکانی پلانی خێزانی ودەستگەیشتن بە منداڵنەبوون بگرێتەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ژنان سەرچاوەی پێویستیان لەبەردەستە بۆ بەرچاوروونیی بڕیاردان لەسەر منداڵ خستنەوە.

- **بڵاوکردنەوەی هۆکارەکانی ڕێگرتن لە توندوتیژی جێندەری لە ناو سێکتەرە جۆراوجۆرەکان.** بەدەمەوەهاتنێکی کاریگەر بۆ توندوتیژی جێندەری پێویستی بە چەند خاڵێکی دەخالەتکردن لە سێکتەرە مرۆییەکاندا هەیە، لەوانەش سێکتەری تەندروستی وخوێندن.

- **بەهێزکردنی هاوکاری دەروونی ویاسایی بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری.** لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە ڕێکخراوەکان هاوکاریە زۆر پێویستەکان پێشکەش بە قوربانیان دەکەن، بەڵام کاری زیاتر پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کچ وژنە پەنابەرە سوریەکان بە ئاگان لە خزمەتگوزاریەکان ودەتوانن دەستیان پێی بگات، لە ناوەوە یان دەرەوەی کەمپەکان.

- **پێشکەشکردنی  خزمەتگوزاری توندوتیژی جێندەری پێکەوە لەگەڵ جۆرەکانی تری خزمەتگوزاریی ژنان لە یەک شوێندا.** ئەمە کاری ژنان ئاسانتر دەکات کە هەموو ئەو هاوکاریانەی کە پێویستیانە دەستیان بکەوێت بە پەنهانیی وبەبێ ترس لە لەکەی خانەوادە وکۆمەڵگاکانیان.

- **بەشدارییپێکردنی پیاوان و کوڕان لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری.** بەشدارییپێکردنی پیاوان وکوڕان وەک ئامانجی سەرەکیی هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وداکۆکیی دەکرێت هانیان بدات توندوتیژی ڕەت بکەنەوە ودەخالەت بکەن ئەگەر لە کۆمەڵگا وخانەوادەکانیاندا ڕوویدا.

- **لێکۆڵینەوە لە دەستێوەردانی تری گونجاو لەڕووی کلتوریەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری.** بە ڕاوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژن وکچانی پەنابەری سوریی، پێویستە ئەو لایەنانەی خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن بەردەوام بن لە گەڕان بۆ چارەسەری تر کە دەکرێت هەم کەریگەربێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری وهەم ڕێزیش لە بەها کەلتوریەکان بگرێت.

- **هاندانی گۆڕانکاری لە بۆچونە کەلتوریەکان بەرامبەر توندوتیژی جێندەری**. ئەمە دەکرێت ئەنجام بدرێت بە بەشداریی دەسەڵاتداران وخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی، وەک پێشەنگە ئاینی وکۆمەڵایەتیەکان، کە دەکرێت بەشێک بن لە هەوڵەکان بۆ کۆتایهێنان بە لەکەی کۆمەڵایەتی قبوڵبوونی توندوتیژی لەرووی کەلتوریەوە.

# تێبینیەکان

1 ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، توندوتیژی دژی ژنان` مانگی ١١ی ٢٠١٧، وەرگیراوە لە فیبروەری ٢٠١٨ لە http://www.who.int/mediacentre/factsheets/fs239/ar لەکاتتێکدا داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تەنها ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە ڕوبەڕووی توندوتیژی جەستەی یان سێکسی بوونەتەوە، ئەم ڕاپۆڕتە پشتی بەستوە بە چەمکێکی فراوانتری توندوتیژیە جێندەریەکان لەوانە توندوتیژی جەستەیی، دەروونی، سێکسی، ئابوری و جۆرەکانی تری توندوتیژی.

2 هەمان سەرچاوەی پێشتر

3 UNHCR ، ناکۆکی سوریا لە ٥ ساڵدا: گەورەترین کارەساتی پەنابەربوون و ئاوارەبوون لە کاتی ئێستادا پێویستی بە هەماهەنگیەکی گەورە هەیە، ١٥ ئازار ٢٠١٦، وەرگیراوە لە ٢ فیبروەری ٢٠١٨، لە http://www.unhcr.org/afr/news/press/2016/3/56e6e3249/syria-conflict-5-years-biggest-refugee-displacement-crisis-time-demands.html

4 OCHA ، کۆماری عەرەبی سوری. فێبروەری ٢٠١٨، وەرگیراوە لە ٧ ی مارسی ٢٠١٨، لە http://www.unocha.org/syrian-arab-republic

5 UNHCR ڕێگری و وەڵامدانەوەی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە بارودۆخی پەنابەراندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، ٢٠١٥، لا٢.

6 ژنانی UN، بە بێدەنگی ماوینەتەوە: توندوتیژی جێندەری لەنێوان پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەپرلی ٢٠١٤، لا٤.

7 سود و سافێریس، سوریەکان دەبەخشن بە گەشەکردنی ئابوری کوردستان، فۆرسد میتیگەیشن ڕیڤیو، ژمارە٤٧، ئەیلول ٢٠١٤، لا١٥.

8 ئەنجومەنی پەنابەری دانیمارکی، دراسەی هەلەکان لە بازاڕی کاردا بۆ ئاوارە و پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان: سیستەمی کرێکاری بیناسازی و کرێکاری کەرتی خزمەتگوزاری (پوختەیەک) کانونی یەکەم ٢٠١٤، لا٧.

9 هیگڵ، محمد، سینگ و گوی، ڕێگەکانی خۆڕاگری: گۆڕینی کەمپی پەنابەرە سوریەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون. (هەڵسەنگاندنی جۆری: گفتوگۆی بە کۆمەڵ)، سەنتەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جونی حوزەیران ٢٠١٥، لا١٠.

10 هەمان سەرچاوەی پێشتر، لا٥.

11 بانکی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستانی عێراق: هەڵسەنگاندنی کاریگەریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ناکۆکی سوریا و داعش، واشنگتۆن دیسی، ٢٠١٥، لا٥١.

12 فریاکەوتنی ئیسلامی ، ژیانە نادیارەکان: چۆن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ژنە پەنابەرە سوریەکانی شکستپێهێنا، ٢٠١٦، لا٥.

13 بانکی نێودەوڵەتی، سەرچاوەی پێشتر، لا ٦٠.

14 هەمان سەرچاوەی پێشتر، لا٥.

15 لەیک، کێشەکان بۆ ئەو پەنابەرانە دەردەکەون کە لە کوردستانی عێراق نیشتەجێن ، بلومبێرگ، ٣٠ ی ئەیلول ٢٠١٥.

16 هیگڵ، محمد، سینگ و گوی، ڕێگەکانی خۆڕاگری: گۆڕینی کەمپی پەنابەرە سوریەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون. (گفتوگۆی سەرمێز)، سەنتەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نیسان ٢٠١٥.

17 بانکی نێودەوڵەتی، سەرچاوەی پێشتر، لا٢.

18 هەمان سەرچاوەی پێشتر، لا٣.

19 پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سوریا عێراق، ٢٠١٤، http://www.undp.org/content/dam/rbas/doc/SyriaResponse/Iraq%20143-151.pdf, p.140.

20 سود و سێفێرسی، سەرچاوەی پێشتر، لا ١٤.

21 بانکی نێودەوڵەتی، سەرچاوەی پێشتر ، لا٥.

22 هیگڵ وئەوانی تر، سەرچاوەی پێشتر، لا٨–٩.

32 ڕێکخراوەکانی REACH وUNHCR ، ڕاپرسی ئابوری بۆپەنابەرە سوریەکان کامپی پەنابەران، هەرێمی کوردستانی عێراق، نیسان ٢٠١٤، لا١٢.

24 UNHCHR ، پەنابەرە هەرێمیەکان وپلانی خۆڕاگری ٢٠١٦–٢٠١٧ عێراق، کانونی دووەم ٢٠١٦، لا١٠.

25 UNHCR ، پەنابەرە هەرێمیەکان وپلانی خۆڕاگری ٢٠١٧ ڕاپۆڕتی پێشڕەویەکان، تشرینی یەکەم ٢٠١٧، لا٤٢.

26 گوی، سەرچاوەی پێشتر، لا٤١.

27 UNHCR ، هەڵسەنگاندنی پێداویستی سێکتەرە جۆراوجۆرەکان بە پەنابەرە سوریەکانی نیشتەجێی خانەخوێ: ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی عێراق، نیسان ٢٠١٥، لا ١–٢.

28 ڕێکخراوی (ژنان لەپێناو ژنان)ی نێودەوڵەتی، کارەکانمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وەرگیراوە لە ١٥ی شوباط ٢٠١٨، لە https://www.womenforwomen.org.uk/what-we-do/where-we-work/country-profile-kri

29 UNHCR ، پەنابەرە هەرێمیەکان وپلانی خۆڕاگری ڕاپۆرتی مانگانەی عێراق بۆردی پارێزگاری ، حوزەیران ٢٠١٧.

30 یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە ٨ ی ٢٠١١، لە http://www.ekrg.org/files/pdf/combat_domestic_violence_english.pdf

31 مافەکانی ژنان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە ١٥ شوباط ٢٠١٨ لە http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=000000&r=407&p=400&h=1&t=405.

32 UNHCR ، پەنابەرە هەرێمیەکان وپلانی خۆڕاگری ڕاپۆرتی مانگانەی عێراق بۆردی پارێزگاری ، مایس ٢٠١٧ .

33 حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە http://www.ekrg.org/files/pdf/High_Council_Womens_%20Affairs_English.pdf.

34 ڕێنمای لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان وخێزان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە ٤٥١٦، لە ١٥ی مایس ٢٠١٣ لە
http://www.ekrg.org/files/pdf/by-law_highcommittee_combat_violence_against_women_English.pdf.

35 مافەکانی ژنان ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە ١٥ ی شوباط ٢٠١٨ لە
http://cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=000000&r=407&p=400&h=1&t=405.

36 بۆ بینینی هەمواری یاساکە بە کوردی، تەماشای پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکە، هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، ١١ ی کانونی دووەم ٢٠١٥، وەرگیراوە لە ٢ ی شوباط ٢٠١٨، لە
http://www.meri-k.org/amending-the-law-to-combat-domestic-violence-in-kurdistan-region

37 UNHCR ، پەنابەرە هەرێمیەکان وپلانی خۆڕاگری ڕاپۆرتی مانگانەی عێراق بۆردی پارێزگاری ، تشرینی دووەم ٢٠١٧
.

38 ژمارەکانی ٥ ی کانونی یەکەم ٢٠١٧.UNHCR وەڵامدانەوەی هەرێمایەتی پەنابەرە سوریەکان عێراق، وەرگیراوە لە ٢ ی شوباط ٢٠١٨، لە
http://data.unhcr.org/syrianrefugees/regional.php.

39 هیدرۆبۆ، پیتەرمان و هێیسی، کاریگەری کاش، ڤاوچەر و گواستنەوەی خۆراک لەسەر توندوتیژی هاوبەشی نزیک: بەڵگەی وەرگیراو لە ئەزموWنی هەرەمەکی لە باکوری ئیکوادۆر ، ئەمەریکان ئکۆنۆمیک جۆرناڵ: اپلاید ئکۆنۆمیک، ژمارە ٨، تەمموز ٢٠١٦، ل٢٨٤-٣٠٣.

CEASEFIRE
centre for civilian rights

ASUDA
Empower Women to Lead

# ژیانە داڕوخاوەکان: توندوتیژی دژی ژنان و کچانی ئاوارەی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

## بەکورتی

کارەساتەکانی ململانێ راگوێزران لە جیهاندا پەیوەندیدارە لەگەڵ بەرزبوونەوەی توندوتیژی جێندەری (GBV). لە دەرئەنجامی بەردەوامی ململانێ چەکدارییەکانی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ وە، زیاتر لە ٦.١ ملیۆن سوریی لە ناوخۆدا راگوێزراون وزیاتر لە ٥.٦ ملیۆن سوریی داوای پەنابەرێتیان لە دەرەوەی وڵاتەکەیان کردووە غ کە زۆربەیان لە تورکیا ولوبنان وئەردەن ومیسرو عێراق نیشتەجێن. لاوازی ژنان وکچانی سوریی لەبەرامبەر توندوتیژی جێندەریی لە هەرێمەکەدا یەکێکە لە کێشە دیارەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی پەنابەرانەوە.

عێراق لە ئێستادا نزیکەی ٢٤٧،٠٥٧ پەنابەری سوری لەخۆ گرتووە، زۆرینەی ئەم ژمارەیە کەوتونەتە هەرێمی کوردستانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سەرەتای هاتنەناوەوەی پەنابەرە سوریەکان لە کاتێکدا بوو کە بارودۆخی هەرێم لە گەشەکردندا بوو وتاڕادەیەکیش جێگیر بوو، لە ساڵی ٢٠١٤ وە کۆمەڵی گۆڕانکاری خێرا لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویاندا لە ڕووی ئابوری وسیاسی وبارودۆخی ئاسایشەوە. ئەمانەش کاریگەری خراپیان هەبوو لەسەر دەستگەیشتنی پەنابەرە سوریەکان بە پێداویستیە سەرەتاییەکانیان وسەرەنجامی کارەساتباری لە گوزەرانی ژنان وکچاندا بەتایبەت هێنایە ئاراوە.

ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە ژن وکچانی پەنابەری سوریی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی ڕێژەیەکی زۆری توندوتیژی لە ناو ماڵەکانیاندا دەبنەوە، بەتایبەتی توندوتیژی هاوبەشی نزیک. نمونەکانی توندوتیژی جێندەری بەزۆریی سەریان هەڵداوە یان توندییان زیادی کردووە لەدوای گەیشتنی پەنابەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش نیشانی دەدات کە کێشەکە لە نزیکەوە پەیوەندی بە ئەزموونی راگوێزران وفشارە پەیوەندیدارەکانی ترەوە هەیە. لەوەش زیاتر، چەند ئاماژەیەک هەیە کە کێشەکان لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویان لە خراپبوون کردووە لەدەرەنجامی ئەو قەیرانانەی لە ساڵی ٢٠١٤ وە ڕوبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەو دەامەزراوە حکومی، ودەزگا نێودەوڵەتی وڕێکخراوە ناحکومیانەی کار لەگەڵ پەنابەران دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی هەڵکشاو بەرنامەکانی ڕێگرتن لە توندوتیژی جێندەری دەکەن بە بەشێک لە بەرنامەی کاریان، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی کەلێن هەیە لە باسکردنی پێویستیەکانی قوربانیانی توندوتیژی جێندەرییدا. بەشێکی زۆر لە ژن وکچانی پەنابەری سوریی کە ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە، هەڵناسن بە ڕاپۆرتکردنی ئەزموونەکەیان، یان داواکردنی هاوکاری لە ڕێکخراوەکان یان دەسەڵاتی پەیوەندیدار. ئەمەش دەریدەخات کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئامانج ومیتۆدەکانی بەرنامەکانی خۆپاراستنن لە توندوتیژی جێندەری لەگەڵ راستی بارودۆخی قوربانیانی توندوتیژیەکان.

ئەم ڕاپۆڕتە لەگەڵ ٩٢ ژن وکچی سوریی لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدراوە. سەرباری دەستنیشانکردن وشیکردنەوەی شێوازە سەرەکیەکانی توندوتیژی کە ڕووبەڕوی ژن وکچانی سوریی دەبنەوە، ڕاپۆرتەکە هەروەها کەلێن وکەموکوڕیەکان دەستنیشان دەکات لە پێشکەشکردنی ئەوخزمەتگوزاری وچارەسەرانەی بۆ قوربانیان لەبەردەستدان، وستراتیژی بەرەوپێشبردنیش پێشکەش دەکات.

ڕاپۆرتەکە ئەم راسپاردانە دەخاتە روو؛

- بەهێزکردنی هاوکاری دەروونی ویاسایی بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری بۆ ئەوەی هەموو کچ وژنە پەنابەرە سوریەکان بە ئاگابن لەو خزمەتگوزاریانە وبتوانن دەستیان پێی بگات، لە ناوەوە یان دەرەوەی کەمپەکان.
- پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزاری پشتگیریی قوربانیانی توندوتیژی جێندەری بۆ ژنان بەیەکەوە لەگەڵ جۆرەکانی تری خزمەتگوزاریی لە یەک شوێندا. ئەمە کاری ژنان ئاسانتر دەکات دەستیان بگات بە هەموو ئەو هاوکاریانەی پێویستیانە بە پەنهانیی وبەبێ ترس لە لەکەی خانەوادەکانیان وکۆمەڵگا.
- هاندانی گۆڕانکاری لە بۆچونە کەلتوریەکان بەرامبەر توندوتیژی جێندەری بە بەشداریپێکردنی دەسەڵاتداران وخاوەن پێگە کۆمەلآیەتیەکان، وەک پێشەنگە ئاینی وکۆمەلآیەتیەکان، کە دەکرێت بەشێک بن لە هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی وداکۆکیی لەدژی توندوتیژی جێندەری.
- دابینکردنی داهاتی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان لە داهاتی پاڵپشتی گوزەرانی پەنابەرە سوریەکاندا، لەبەرئەوی توندوتیژی لە ماڵەکانیاندا پەیوەندیدارە بە دەستکورتی زۆرێک لە خانەوادەکان لە دابینکردنی پێداویستیە ئابووریە سەرەتاییەکانیاندا.

**سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان**

54 Commercial Street, London E1 6LT, United Kingdom ceasefire@mrgmail.org

ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری دارایی (صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان) ئامادەکراوە. ناوەرۆکەکانی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەرپرسیارێتی لایەنی بڵاوکەرەوەیە و ناکرێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بە رەنگدانەوەی پێگەی صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان هەژمار بکرێت.

UNITED NATIONS TRUST FUND TO END VIOLENCE AGAINST WOMEN